# بەیادی نەمران شەهیدی هەردەم لەیادم‌عبدولخالیق مارف

ئەحمەد دەشتی




له سالی 1963پێشمەرگەبووم لە ئەشکەوتە ڕەشە کەی لای سەفرەو زەروون که دەکەوێتە ناوچەی ماوەتان و سەر بە پارێزگای سلێمانیە،ئەو دەمانە من لە بەشی ڕاگەیاندن لە چاپخانەی خەبات کارم دەکرد، گەلێ لە هەڤالانی دڵسۆز و پێشمەرگەی کوردستان لەوێ لە بەشی ڕاگەیاندن دامەزرا بوون ، نیوەرۆ بوو کە مێوانێکی ئازیزو خۆشەوستمان و پێشمەرگەی کوردستان شەهیدی نەمر سالح نە فاسەمان مێوان بوو بەرە بەری ئێوارەبوو لە ئەشکەوتەکە ڕونیشتبوین و

گێمان لە قسە خۆشەکانی نەمر هێژا کاک حوسێن قەرەداخی کە ئەویش تازە هاتبوە بەشی ڕاگەیاندن و لە ئەسکەوتە ڕەشە دامەزرابوو ، لەو کاتەدا شەهیدی نەمر عەبدولخالیق مارف لە گەل دوو پێشمەرگەی تر هاتنە ئەشکەوتە ڕەشە،دوای بە خێر هاتن و ڕێز لێ نانیان،کاک عەبدولخالیق خۆی پێ ناساندین و گوتی منیش لێرە دەمێنمەوە و هاتووم لە ئێزگەی دەنگی کوردستان کار بکەم ، ئێمەش هەموومان گەلێکمان بە خێر هاتن کردو بە هاتنی کاک عەبدولخالی زۆر شاد بووین و دڵمان زۆر خۆش بوو،چونکە دەمان زانی کە بە هاتنی ئەو دیارە کە هاتنی ئێزگەی دەنگی کوردستان نەزێک بۆتەوە، تازەش بوو کەمقۆو مقۆوی جیهازەکەی ئێزگەی

دەنگی کوردستان  و دامەزراندنی لە سەر یارانەوەبوو ، ئەو شوێنەش واتە ئەشکەوتە ڕەشە بەتەواوی ئامادە کرابوو و چەند ژورێکی بۆ ستۆدیۆی دەنگ و پەخشی لێ دروست کرابوو، کارەبای بۆ کێشرا بوو ، ماکینەی کارەباکەش لە ئەشکەوتێکی ترەوە کەکەمێ دوور تر بوو داندرا بوو، کاک مەنسور و کاک دارا کە



ئەحمەد دەشتی - شێخ عەزیز - عەبدولخالیق

خەلکی خانەقین بوون دوو ڕۆلەی زۆر دڵسۆز و مرۆی چاک بوون لێپرسراوی کارەباکە بوون و ئەوانیش لەوێ لە بەشی کارەبای ئێیگەبوون،من کە چاوم بە شەهیدی نەمر عەبدولخالیق کەوت سیمای ئەو نەمرەم بە لاوە غەریب نەبوو ناسیمەوەچونکە لە هەولێر یەکدوو جار چاوم پێی کەوتبوو،ئیتر ماوەیەکی پێچوو ئامێرو کەل و پەلی دەنگی کوردستان هات و کاک عەبدولخالیق لە گەل کاک ئەمجەد عەبدولواحید خەریک ئەنتینا دروست کردن بوون و ئێمەش هاوکاریمان دەکردن.

عەبدولخالیق کە مرۆیەکی پاک و دڵسۆزو زاناو نیشتمانپەروەر بوو لاوێکی بالا بەرزو تا بلێی ڕێک و پێک بوو ،ئەو هەمیشە بە بزەی سەر لێوان و چاوە گەشەکانیەوە خۆشەویستی و هەڤالێتی و

گەورەیی خۆی نیشان دەدا،ئەو هەتا بڵێی شارەزای ئەلەکترۆنیات بوو و زۆریشی حەز لە کاری خۆی و مامۆستایەتی لەو بارەوە دەکرد،ئەو هەرگیز لە کار کردن ماندوو نە دەبوو،زۆری شایی بە ئێزگەی دەنگی کوردستانەوە دەهات،هەمیشە هەولی بە هێز کردنی ئەو دەنگە زوڵاڵەی دەداو گەلێ هیواو ئاواتی بۆ گەیشتنی دەنگی کوردستان بە هەموو جیهان و هەموو ماڵێکی کوردەوە هەبوو ، بۆ ئەو مەبەستەش دەیگوت: دەبێ دەزگایەکی گەورە بۆ دروست کردنی جهازی تازەو لە بارو بە هێز لە ناو شۆڕش دروست بکەین کە بتوانین لە هەموو شوێنێکی کوردستان دا ئەو جیهازانە دا بنێین و هەموو هەواڵ و باسەکانی شۆڕش بە کوردو جیهان بگەیێنین.

لە یادمە ئێزگەیەکی تازەمان بۆ هاتبوو هەتا بلێی لەبارو پوخت و ڕێک و سوک و شوڕشگێڕانەبوو،کە کارمان پێ کرد کاری نەکرد.عەبدول خالیق نەخشەێ جیهازەکەی کردەوە دوای تاقی کردنەوە هەڵەی بەستنی نەخشەکەێ کە لە کارخانەکەوە کرا بوو دۆزیەوەو چەند سیمێکی بڕی و ئەوسا یەکسەر کاری کردو جیهازەکەمان بە کار هێنا .

لە ساڵی 1974یش تاقی کردنەوەی ئەنتێنامان دەکرد کابرایەکی پسپۆر لە بارەی ئەنتێناوە کە خاریجی بوو فێری ئەنتێنا دانانی دەکردین ، گەلێ ئەنتێنامان لە سەر ڕاهنەمایی کابرای دەرەکی پرۆفیسۆری ئەنتێنا ساز دەکرد ، هەمیشە عەبولخالیقی نەمر پێش وەخت کە تاقی بکەینەوە ڕای خۆی دەردەبڕی و دەیگوت: ئەم شێوە ئەنتێنایە لێرەدەنگی ناڕوات و کە تا تاقیمان دەکردەوە و ئاگاداری ناوچە دوورەکانی وەک بادینان و ناوچەی خانەقینمان دەکرد دیار دەبوو کە دەنگ نەدەبیسترا ،کابرا بەلایەوە زۆر سەیر بوو، باوەڕی ناهات،شەهیدی نەمر عەبدولخالیق کە بۆ ئەنتێنا لەم ناوچە شاخاویەدا شتێکی تایبەتی خۆی هەبوو کە بە ڕاهنەمایی عەبدولخالیق ئەنتێنامان دروست دەکردو تاقیمان دەکردەوە دەنگی کوردستان لە ناوچەکانی دوور زۆر باش

دەبیستران و کابرای ئەندازیار سەری لێوە سوڕ مابوو دەیگوت:
ئەمە لە هیچ تیوریەک دا نیە،نازانم کە چۆن ئاوا سەرکەوتووە.
کە جهازێکی شەپۆلی ناوەندیشمان لە سالی1967 بە ڕاهنەمایی و نەخشەو مامۆستایەتی عەبدولخالیق مارف دروست کرد،هەندێ لە ئەندازیارەکان دەیانگوت ئەمە هیچ دەنگی ناڕوات، تا تەواومان کردو بە کارمان خست و گەلێ سەرکەوتوو بوو بۆ ئەو سەردەمانەو لە پال شەپۆلە کورتەکان دا بووین بە خاوەن شەپۆلێکی ناوەندیش لە پال سێ شەپۆلە کورتەکان دا . شەهیدی نەمر عەبدولخالیق مرۆیەکی پاک و بێ گەرد و دڵسۆزی خاک و نەتەوەکەی خۆی بوو، هەتا بلێی بێ تەماح و زانا بوو، چاوی لە مالی شۆڕش و کورد بە هیچ شێوەیەک نەبوو،دژ بە دزی و جەردەی و خەراپە کاری لە ناو شۆڕش بوو دەیگوت ئەم معاشەی کە بۆم براوەتەوە سەرو زیادە،هەمیشە خاوەنی هیچ پارەو پولێک نەبوو،هەرگیز داوای یارمەتی جگە لە معاشەکەی خۆی زیاتر نەدەکرد، سالەهای سالّ بە یەکەوە بووین نەمدی کە جارێ لە جاران دلی کەسێ بشکێنێ،ئەو ژیانێکی زۆر هاکەزایی لە گەل مال و مندالانی خۆی دەبردە سەرو دەیگوت: هیچم لە شۆڕش ناوێت، ئەو هەتا بلێی ئازاو نەترس و ماندوو نەناس بوو ، دەیگوت گەر کوردیش ڕزگار بوو دەچمەوە هەولێرو بۆ خۆم دوکانیک دەکەمەوە و خۆم و مال و مندالانم پێ بەرێوە دەبەم،هەمیشە زۆری شایی بە خەبات و تێکۆشان و بە شداری کردنی لە شۆڕش دا دەهات،ئەو لە لایەن هەڤالان و دۆستانیەوە هەتا بلێی خۆشەویست بوو،هەرگیز لەو هەموو سالانی خەبات و تێکۆشانی دا لە سەخت ترین ڕۆژان دا نەم دی کە جارێ لە جاران ئەو بەبێ ورەو ماندوو بوویێت،هەر لە بەیانی زوو دەچوینە بنکەی ئێزگە و تا نیوەشەوان کارمان دەکردو لە هیچ بۆردومان و هێرشەکانی دوژمنان دا ترسی نەبوو،من وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول کە شەرەفی بەشدار بوونم لەو شۆڕشەدا هەیە و خۆم بە سەربەرزم دەزانم کە لە گەل

شۆڕشگێڕانی وەک عەبدولخالیق مارف  خەباتم کردووە و لە ڕێگەی ژیانێکی پڕ لە ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆییمان دا ساڵەهای ساڵ بە یەکەوە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان کارمان کردووە و شانازی پێوە دەکەم و هەر بۆیەش بە پێوستم زانی کە ئەم بیرەوەریە پڕ لە شانازیانەم لە سەر داوای براژنە سەلماو منداله ئازیزەکانی ئەو برا شەهیدو هەردەم لە یادەم بنوسمەوەو بیخەمە بەر دەستی خوێنەران و ئازیزان،هەرچەندە بە چەند لاپەڕەیەک ناتواندرێت باسی ئەو مامۆستاو پرۆفیسۆری ئەنتێناو ئەلەکترۆن و شەهیدی نەمر کاک عەبدولخالیق بکرێت بەڵام وەک ئەرکێکی سەر شانم ئەو چەند دێرانەم بۆ یادی ئەو هەڤالە ئازیز و هەردەم لە یاد و نەمرەم کاکە عەبدولخالیق دەخەمە بەر چاوانەوە،بە تایبەتی باسی خەباتی ئێزگەی دەنی کوردستان کە شەهیدی نەمر دەورێکی بالای  هەبووە لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو دەزگایە نرخدارە لە سالی 1963 را  تا 1975.

دەمەوێ ئەوە بلێم کە  زۆر جێگەی داخە کە چەند جارێک  لە سیمینارو ڕادیۆ وگۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان دا دەربارەی دامەزراندنی دەنگی کوردستان چەند وتارم خوێندۆتەوە و بیستوومە کە لە لایەن هەندێ لە هەڤالان دەربارەی دەنگی کوردستانەوە نوسراوە و باسیان لیوە کردووە کەدیارە بە تەواوی ئاگاداری دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان نین و بۆیەکە نەیان توانیوە کە بە تێر و تەسەلی باسی ئەو ڕوداوە گرنگەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بکەن و بە تێرو تەسەلی باسی ئەو دەزگایە بە نرخەی شۆڕش بکەن کە لە هەموو سات و وەختێکی شۆڕشی ئەیلول دا دەورێکی گرنگ و دیاری لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان دا هەبووە ، ئەوەی کە جێگەی سەرینجیشە ئەو دەورە گرنگەیە کە گەلێ لە هەڤالانی دلسۆز و نیشتمان پەروەر وپێشمەرگەی کوردستان وەک نەمر عەبدولخالیق مارف و گەلێ لە هەڤالانی تر کردویانە و لەو ئێزگەیەدا لە تەواوی سات و کاتە پڕ لە ڕەنج و

ئازارەکانی ئەو ڕۆژگارانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن دا کێشاویانەو بە گیان و بە دڵ لە پێناوی پێشخستن و بە هێز کردن و زولالتر کردنی ئێزگەی دەنگی کوردستان خۆیان ماندو کردووە و هەولیان داوە و بە داخەوە خراونەتە پشت گوێ و وەک پێویست باسیان لێوە نەکراوە و لە یاد کراون ، هەروەک بلێی کەئەوان نەبووبن،جێگەی داخیشە کە لە هەندێ بیرەوەریەکان دا ڕاستیەکانیش باس نەکراون و سێوێندراون و راستیان نە گوتوە و نرخێکی زۆر کە میان بۆ ئەو دەزگا گرینگەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن داناوە ، بەراستی ڕێز نەگرتن لە خەبات و تێکۆشانی خەباتگێڕان و ئەوانەی خزمەتیان کردووە کارێکی ناڕاست و نا ڕەوایە ، بە بۆچوونی من ون کردنی خەبات و ناوی ئەو شارەزاو بلیمەت و پێشمەرگە دلسۆزانەو هەموو مامۆستاو ئەوانەی کە بە شەو و بە ڕۆژ لە ناو دۆل و چیاو لێڕەوارو بن بەردو زنارەکانی کوردستانی خەمگین دا،لە ژێر لێرمەی بۆمباو تۆپ باران و هێرشی فرۆکەکانی دوژمنان دا لە ناخۆشترین ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلول دا تەنیا بۆ ساتێکیش نەسرەوتوون و لە خەبات و تێکۆشان بۆ کوردستان نەوەستاون و مەردانەو کوردانەو دلسۆزانە هەموو هێزو بیر و هەستێکی خۆیان بۆ سەرکەوتن وسەربەرزی شۆڕشی کورد بە کار بردووە،بە تایبەتی فەیلەسوف و زاناو بلیمەتی کورد شەهیدی نەمر عەبدوالخالیق مارف کە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دا کاری دەکرد و هەر لە ساڵی 1963تا سالی 1975 هەموو بیرو هەست و هەولێکی لە ڕێگەی خزمەت بە دەنگی کوردستانەوە تەرخان کردو ئەو دلسۆزە کە دامەزرێنەرو بەکاریگەرترین ڕۆلەی پێشمەرگەی دەنگی کوردستان لە گەل بەڕێز ئەمجەد عەبدوالواحد دەژمێردرین و ئەندازیارو دامەزرێنەرو هۆی پێشکەوتنی دەنگی کوردستان بووینە باسیان زۆر بە کەمی لێوە کراوە ، هەموو ئەوانەی کە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی دەنگی کوردستانەوە و سالەهای سال پێشمەرگەیەکی دلسۆز و گیانباز و خەباتگێڕ بووینەو لە ژیانی

سەخت و ئەو هەموو زەحمەت و کوێرەوەریانەی کە کێشاویانەو بەو پەڕی دلسۆزی وگیانی لە خۆ بوردنەوە خۆیان بۆ کورد و کوردستان لە سایەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن دا ماندوو کردووەو تەنیا سودێکیشیان لە بەرهەمی ڕەنج و خەباتی سالەهای سالی ئازارو ڕەنجەکانیان وەر نەگرتووە و جگە لە شەهید بوون و دەربەدەری و ئاوارەیی شتێکی تریان وەدی نەکردووە،هەر دەلێی کە ئەو کەسایەتیانە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێشمەرگە نەبووینەو کەسێکیش باسیان لێوە ناکات، ئەو هەموو تێکۆشانە پڕ لە شانازی و سەروەریانەی ڕۆژگارانی شۆرشی ئەیلولی مەزن ئەو شۆڕشەی کە سەرچاوەی هەموو خەبات و تێکۆشان و دەسکەوتەکانی ئێمڕۆی کوردستانیشەو دەنگی کوردستانیش کە دەزگایەکی بە سود و گرنگی شۆڕش و ڕاپەڕین بووەو وەک پێویستیەکی دیارو کاریگەر بۆ ڕاگەیاندنی هەوالەکانی شۆڕش بە دەرەوەو بە درۆ خستنەوەی فیشالەکانی نەیاران بە دەزگایەکی گرنگی شۆڕشی ئەیلولی دەژمێردرێت ، هەر بۆیەش بوو کە نەیاران هەمیشە حسابێکی تایبەتیان بۆ ئەو دەنگە زولالە دەکردو زۆریشی لێ دەترسان هەردەم هەولی کپ کردنیان بە هەموو توانایەکەوە داوە،پێشکەوتن و بە هێزکردن و سەرکەوتنی ئەودەنگە ڕەسایە بە ڕەنج و هەول و خەباتی تەواوی ئەو ڕۆلە دلێرانەی کە لەو ئێزگەیەدا کاریان کردووە بە تایبەتی نەمر عەبدولخالیق مارفی شەهید بووە کە گەلێ سەرکەوتوانە دەنگی کوردستانی بەرەو پێشەوە دەبرد ، بەلام بە داخەوە کاتێ کەباس لە دامەزراندنی ئەو ئێزگەیە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول کراوەو بیرەوەری وتاریان لە سەر نوسیوە زۆر بە کەمی ڕاستیەکانیان نوسیوەو باسیان لە هەول و خەباتی ئەو تێکۆشەرانە نەکردووە و ناویشیان بە دەگمەن هێناون ، هەموو ئەوانەی کە لە ئیزگەی دەنگی کوردستان دا کاریان کردووە زۆر چاک دەوری گرنگی ئەو شەهیدە نەمرە عەبدولخالیق دەزانن، چونکە دەبێت بەو پەڕی شانازی و بە ئەمانەتەوە ناویان ببردرێت و

ئەو دەورە پیرۆزەی کە پێی هەلساون شەوو ڕۆژ خۆیان بۆ ماندو کردووە لە یاد نەکرێن و ناویشیان هەر بەرز بکرێتەوە نەک ئاوا لە بیر بخرێنەوەو باسیان نەکەن، دەبێت ناوی ئەو کەسەی کە پرۆفیسۆری ئەنتێناو ئەلەکترۆنیاتی لێندراوەو ئەندازیاری ئەو ئێزگەیە بوونە ناوی بلندیان هەر بەرز بکرێتەوە و نەک تەنیا ئەوەندە بگوترێ و بلێن کە من چوومە ئێزگە عەبدواخالیق و ئەحمەد دەشتی لەوێ بوون ، شەهیدی نەمرعەبدولخالیق مارف هۆکاری پێشکەوتن و ڕاپەرینی کارو بارەکانی دەنگی کوردستان و دامەزراندنی ئەم ئێزگەیە لە ڕووی هونەریەوە بوو ، هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانیەوە لە سالی 1963دا لە ئەشکەوتەڕەشەی گردەڕەشەوە تا کارەساتە مەزنەکەی شـــۆڕشی ئەیلول سالی 1975و وەستانی دەنگی کوردستان بە هۆی کارەساتە پڕ لە شومەکەی (ئەلجەزائیر)ەوەو کە ئەو پیلانە نامرۆڤانە تەنیا بۆ لێدانی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد و شۆڕشی ئەیلولی مەزن بە سەرکردایەتی بازانی نەمر بوو پیادەکرا و خەنجەرێکی ژەهراویان لە پشتەوە ڕا لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن داو کوردیان توش بەو کارەساتە مەزنە کردو بە سەدان هەزار خەلکی کورد ئاوارەو دەربەدەری هەندەران کران،شەهیدی نەمر عەبددول خالیقی هەمیشە زیندوو و ماندوو نەناسیش یەکێک بوو لەو کە سایەتیاتیە نەمرانەی کە ئەویش ئاوارا بوو ، لەو هەموو سالانی پڕ لە ڕەنج و ئازاردا لە ناو شاخ و لێڕەوار و بن زنارو ئەشکەوتەکانی کوردستانی خەمگین دا لە ژێر ئەو هەموو بۆردومان و پەلامارو هێرشە ناڕەواکانی ڕژێمەکانی عیراقی دا شەهیدی نەمر عەبدوالخالیق کاروبارە هەرە گرینگەکانی دەنگی کوردستانی بەڕێوە دەبردو بەو پەڕی دلسۆزی و هەول و ماندوو بوونەوە گەلێ خزمەتی بە پێشکەوتن و زولالیەتی دەنگی کوردستانەوە کردوە،ئەو پێشمەرگەدلسۆزەیە و ئەو شەهیدە هەمیشە زیندووە و ئەم پرۆفیسۆرەی ئەلەکترۆن و ئەنتێنایە کوردەی کە جێگەی شانازی

میللەتەکەمانەو ڕۆلەیەکی دلسۆز وشۆڕشگێڕو بەتواناو هەلکەوتوو و بلیمەت بوو و تەنیا ڕۆلەیەکی کوردو کوردستان بوو و گیانی خۆی لەو ڕێگەوە کردۆتە قوربانی ڕێبازی ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی لە خەباتو تێکۆشان نەوەستا تا ئەو کاتەی شەهیدیان



وێنە لە چەپ: ئەحمەد دەشتی،عەبدولخالیق،شێرکۆبێکەس، دلشاد مەسرەف، جەلیل فەیلی

کرد،کاک ئیدریسی جوانە مەرگ و هەمیشە زیندوو لە ڕاژان زۆر بەپێ ناخۆش بوون و دلتەنگیەوە باسی ئەو هەوالە ناخۆشـــــــەی دەکرد و بانگی منی کرد و فەرمووی: هەوالی شەهید کردنی عەبدوالخالیقت بیستووە؟ منیش نەم زانی بوو کە وای فەرموو من لە جێگەی خۆم لە تاوان حەپەسام و مرتەقم لێ بڕاو بەڕێز کاک عەلی عەبدوللەش ئەوکاتە فەرمووی داخەکەم بۆئەو فەیلەسوفە شەهیدە عەبدواخالیق مارف،کە ئاوا بە دەستی دوژمنان شەهید کرا،جا منیش بەو هەوالە دلتەزینە زۆر نارەحەت بووم و نەشم بیستبوو چونکە تازە چەند ڕۆژێک بوو زۆر نامەردانە لە هەولێرلە بەر دەرگای مالەکەی خۆیان کە دەیەویست بۆ سەر کار بچێت شەهیدیان کرد،پاش ماوەیەک حەپەسانی من،کاک ئیدریس دیسانەکەفەرمووی زۆر بە داخەوە بۆ ئەو ڕۆلە خەباتگێرە و دلسۆزە

كە ئاوا شـــەهيديان كردو گوتی (عەبدوالخاليق ڕۆلەيەكی نيشتمانپەروەرو زاناو تێكۆشەر بووو گەلێكم سوو لێ بوويتەوەو لە كيس كورد ڕۆيی)كاك ئيدريسی نەمر گەلێكی سوو لێ ببوەوەو زۆر وەفادارانە باسی ئەو شەهيدە نەمرەی دەكردو لە يادی بووو، لە كاتی شەهيد كردنی دا ئاوای دەنرخاند و گوتی:هۆكاری شەهيد كردنی عەبدولخاليق زانايی و پاكی و دڵسۆزی ئەو شەهيدەنەمرە بۆ كوردستان بوو و گوتی:دوژمنان لە زانايان و دڵسۆزانی كورد دەترسن دەمێک باسی ئازايەتی و لێ هاتوويی زانايی ئەوشەهيدە نەمرەی كرد و لە گەل كاک عەلی عەبدوالله زۆريان ستايش كرد و خەبات و تێكۆشانی ئەو كوڕە كوردە دلێرەيان نرخاندو دلتەنگی و خەمی شەهيدكردنی ئەويان بەوپەڕی وەفاوە پێوە ديار بوو، جارێكی تريش ساڵێک پێش شەهيد كردنی ئەو نەمرە چوومە لای بەڕێز و نەمر كاک ئيدريس بارزانی ،ئەوسا كاک ئيدريسی جوانەمەرگ لە منی پرسی و فەرمووی ئاگات لە عەبدولخاليق هەيە منيش گوتم تازە نامەيەكی ئەوم لە ئەلمانياوە بۆ هاتووە ئەويش بە هۆی براكەمەوە عەبدولمومين دەشتی دوو كتێبی بۆ ناردووم يەكێكی پێشكەش بە من كردووە و ئەويتريش پێشكەش بەماموستا هەژاری موكريانيەوە كردووە،جاكاک ئيدريسی جوانە مەرگ فەرمووی ديارە ئاگاتان لە يەكەوە هەيە كەواتە نامەی بۆ بنوسە كە زۆر وريای خۆی بێت وحەيفە ئەو ڕۆلە زانايەمان لە كيس بڕوات و فەرمووی عەبدولخاليق نەدەبا لە هەولێر بێت و بچێتە ژێر دەستی ڕژێمی عێراق و مانەوەی لە دەرەوە سەلامەت تر بوو،چونكە گيانی ئەو لە خەتەر دايەو لەوانەيە كە ڕۆژێک بيكوژن و شەهيدی بكەن و ئەمەش زيانێكە بە كورد دەگات و بۆی بنوسە زۆر وريای خۆی بێت چونكە بۆ لە ناو بردنی دلسۆز و زانايانی كورد دوژمنان لە هيچ شتێک ناپەنگێنەوە) منيش نامەيەكم بۆی نوسی و بۆم نارد جا نازانم بە دەستی گەيشت ياخێر.

**من داوام له بەرپرسیارانی کورد له شاری هەولێر ئەوەیە که پەیکەرێکی زێڕین له ناوەندی شار بۆ یادی ئه شەهیدەنەمرەمان دروست بکەن و گیانی پاکی ئەو نیشتمانپەروەره کوردە شایاد بکەن و یادی بکرێتەوە.**

*****

**- هەزاران سڵاو له گیانی پاکی شەهیدی نەمر کاک عەبدولخالیقی هەردەم له یادمان**

**- هەزاران سڵاو له گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان له سەرووی هەمویانەوە بارزانی نەمر.**